من یەکەم لەسەر ئەژنۆ دەکەوم لە پێش پەروەردگاری میهرەبان بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ناکۆکیەکان لە ڕۆژی قیامەتدا

لە عەلی کوڕی ئەبی تالیبەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: من یەکەم لەسەر ئەژنۆ دەکەوم لە پێش پەروەردگاری میهرەبان بۆ گفتوگۆکردن لەسەر بەگژیەکداچوونەکە لە ڕۆژی قیامەتدا، قەیس کوڕی عەباد دەڵێت: ئەم ئایەتە: {هَـٰذَانِ خَصْمَانِ ۡخْتَصَمُوا فِی رَبِّهِمْ} [الحج: 19] واتە: {ئەمانە دوو کۆمەڵی دژ بە یەکن بەگژیەداچوون دەربارەی پەروەردگاریان}، سەبارەت بە ئەوان دابەزی؛ ناکۆکی و بەگژیەکدا چوون کەوتە نێوانیانەوە لە ڕۆژی جەنگی بەدردا (ئەوانیش بریتی بوون لە): حەمزە، وعەلی، وعوبەیدە یان ئەبو عوبەیدەی کوڕی حارس، وشەیبەی کوڕی ڕەبیعە، وعوتبەی کوڕی ڕەبیعە، و وەلیدی کوڕی عوتبە.

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

عەلی -ڕەزای خوای لێبێت- لەم گێڕانەوەیەدا باسی خۆی دەکات کە یەکەم کەس دەبێت لەسەر ئەژنۆکانی دەکەوێت لە پێش پەروەردگار بۆ گفتوگۆکردن لەسەر بەگژیەکدا چوونەکە لە ڕۆژی قیامەتدا، وئەم ئایەتە:{هَـٰذَانِ خَصْمَانِ ۡخْتَصَمُوا فِی رَبِّهِمْ} [الحج: 19] واتە: {ئەمانە دوو کۆمەڵی دژ بە یەکن بەگژیەکداچوون دەربارەی پەروەردگاریان}، لەسەر ئەو، وحەمزە، وئەبی عوبەیدە -ڕەزای خوایان لێبێت- دابەزی، کاتێک لە جەنگی بەدردا جەنگان دژی سەرکردەکانی کافرەکان ئەوانیش بریتی بوون لە: شەیبەی کوڕی ڕەبیعە وعوتبەی کوڕی ڕەبیعە و وەلیدی کوڕی عوتبە، وئەمیش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ڕووبەڕووبونەوە و بەگژیەکداچوونی یەک بەک یەک -بە شمشێر- لە پێش گۆڕەپانی جەنگدا دروستە پێش ئەوەی جەنگەکە دەستپێبکات.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/64607